# بانگەوازێک لە پێناوی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کوردوستان

لە کاتێکدا کەوا یەک شنەبای ئازادی هەلی کردوە لە جیهان و هەرچی میللەتانی کوێلە کراو ژێردەستو ماف خوراو هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا وا خەریکی بەڕێ کردنی کاروانی ئازادی کردنی خۆیانن چونکە ژیان دیارە بە بێ ئازادی هیچ مانایەک نابەخشێ هەر بۆیەشە لەوەتەی مێژو نوسراوەتەوە بە ملیۆنەهاو ملیۆنەها کەس گیانی خۆیان بەخت کردوە لە پێناوی ئازادی. لەولاشەوە هەرچی دکتاتۆرو مشەخۆرو گەندەلو مرۆڤکوژو هەیە وا لە ترسی میللەتەکانیان پشتیان بە دیوارەوە ناوە بەلام ئەوانە دیارە لە مێژو هیچ فێر نەبون چونکە میللەتێک کە بڕیاریدا بە ئازادی بژیێت ئەوا هیچ هێزێک نی یە بتوانێ ڕێگای پێ بگرێت جا قوربانی یەکان هەرچەندە گەورە بن.

وا نەخشەی سیستەمە دکتاتۆرو گەندەلو چەوسێنەرو ناعەدالەتو بێ یاساییی یەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەلکروزانەوەیەو زیاتر لە یەک دەچێتەوە کەچی نەخشەی ڕەنگاورەنگی میللەتانی ئازادو وا لە پەرەسەندندایە.

میللەتی کوردیش لە بەر چەند هۆیەکی مێژوییو کۆمەلایەتیو جیۆپۆلیتیکی ئەوا ماوەی دوو هەزار سال زیاترە ژێردەستە وە خەریکی خەباتکردنو قوربانی دانە لە پێناو ئازادیو کەرامەتی. ئەگەرچی چەوسانەوەش پلەی جیا جیای هەیە وە تاوانی جینۆسایدیش بە هیچ جۆرێک بەراورد ناکرێت لە گەل چەوسانەوەی سیاسیو ئابوری چەوسانەوەش خۆی مەرج نی یە تەنها لایەنێکی دەرەکی پێ ی هەلسێت دژ بە میللەتێک.
بەلام هەمو جۆرە چەوسانەوەیەک، دەرەکی یاخود خۆڕسکی هەر هەمویان کۆسپێکن لە ڕێگای ئازادی وە میللەتان داناکاسێن هەتا ئەم کۆسپانە هەمو بە لا نەنێن.

میللەتی کوردیش کەوا تەنها ناوەکەی بوەتە سیمبۆلی ئازادی خوازی توانی لە ڕاپەڕینێکی بێ هاوتادا لە سالی 1991 بە شێکی کوردوستان لە دەست ڕژێمی ئەنفالچی بەعس ڕزگار بکات پاش قوربانی دانێکی زۆر بە هیوای ئەوەی لە ژێر چەتری ئازادی تەواودا بژیێت. ڕاستە ئاواتی هەرە گەورەی میللەتی کورد لەم ڕاپەڕینە، واتە ڕزگار بون لە چەوسانەوەی نەتەوەیی هاتە دی بەلام کۆسپەکانی ڕێگای ئازادی زۆریان بە قیتی مانەوە. چەوسانەوەی سیاسی، شەڕی براکوژی، ناعەدالەتی، گەندەلی، بە مۆنۆپۆلکردنی حوکم لە سەر بناغەی وراسیو خێزانی تەنها بەشێکن لەم کۆسپانەی کەوا میللەتی کورد دەبێ لە هەلمەتێکی ئاشتیخوازانەدا لایانبەرێ.

ئێستا وا پێ دەچێ لە سەرتاپای جیهان هەلێکی نوێ بۆ هەمو ئەم میللەتانە هەلکەوتبێ کەوا لە ژێر چەوسانەوەی خۆمالی دەنالێنن. قۆستنەوەی هەلی لەم جۆرەش جۆرێکە لە تاکتیکی میللەتان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هەرە سەرەکی یەکەیان ئەمیش ئازادی تەواوە.

ئەوەتا ڕۆلەکانی ئەم میللەتە قارەمانە وا خەریکی بەرپاکردنی قۆناغێکی نوێن لە مێژوی میللەتی کوردا ئەمەش هەرەسهێنانە بە دوا کۆسپی ڕێگای ئازادی. هەرچەندە شێوازۆ جێ بە جێ کردنی ئەم قۆناغە زۆر جیاوازە لە گەل جێ بە جێ کردنی قۆناغەکانی پێشو کەوا پرۆسەی ڕزگارکردن بو لە چەوسانەوەی نەتەوەییو دەرەکی کەوا خەباتی چەکدارانەی لە خۆی دەگرتەوە، چونکە ئێمە ئێستا ڕوبەڕوی دوژمنێکی دڕندە نابینەوە بەلکو مەبەست تەنها بە دەستهێنانی مافە بنەڕەتی یەکانە کەوا بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی وە بە تایبەتی ڕێککەوتننامە نێو دەولەتی یەکانی مافی مرۆڤ بۆ هەمو کەسێ دابینکراوە وە دەسەلات پابەندە بەوەی بۆ هاوولاتیان دابینی بکات. بۆیە جێ بە جێ کردنی ئەم قۆناغەی ئێستا شێوەیەکی بە تەواوەتی ئاشتیخوازانە لە خۆی دەگرێت وەکو خۆپیشاندانو مانگرتنو سکالا بەرزکردنەوە بۆ بەردەم ڕێکخراوە نێودەولەتی یەکانی لێ پرسراو لە ڕەوتی مافە مرۆڤ.

کوردەکانی ناوەوەو دەرەوەی وولات وا خەریکی پتەوکردنی ڕیزەکانیان بۆ پێکهێنانی سەکۆیەک کەوا هەمو دۆستانی ئازادی لە کوردوستان لە خۆی بگرێتەوە وە مەبەست بە دەستهێنانی مافە بنەڕەتی یەکانو ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕاستەقینەیە لە کوردوستان. ئگەرچی وا چاوەڕواندەکرا کەوا ڕێکخراوە سیاسی یەکانی جگە لە هەردو حیزبی سەرەکی پێش

هەمو لایەنێک بەم ئەرکە هەلسن بەلام دیارە لە بەر چەند هۆیەک ئەمان ناتوانن یاخود ئامادە نین ئەم ئەرکە بخەنە سەر ئەستۆی خۆیان.

جا لێرەوە ئەو ڕاستی دووبارە دەبێتەوە کەوا تەنها میللەت بە هەمو توێژەکانی یەوە دەتوانێ گۆڕنکاری ڕاستەقینە لە کۆمەلگادا بسەپێنی چونکە میللەت جگە لە بەرژەوەندی گشتی هیچ بەرژەوەندی یەکی تری وەکو بەرژەوەندی حیزبیو چینایەتی نی یە.
بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی ئامادەکردنی هەلمەتی گۆڕنکاری هەلساوە بە ئامادەکردنی ڕەشنوسێک کەوا بریتی یە لە لیستێکی ئەو داواکاری یانەی چاوەڕواندەکرێت بخرێنە بەرچاوی بەرپرسانی هەردوو ئیدارەی کوردوستانو ڕێکخراوە نێودەولەتی یەکان وە چاوەڕوانی پێشنیاری زیاترە لە لایەن هاوولاتیانی کوردوستانەوە. پاش داڕشتنی ئەم داواکاری یانەش شاندێکی کوردەکانی دەرەوە ڕوو دەکەنە کوردوستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڕیزەی کەوا لە کوردوستان وەکو بەرەیەکی گۆڕانکاریو چاکسازی پێکهاتوە. هەر هەمو ئەندامانی میللەتی کوردو خەلقی کوردوستان لە دەرەوە بانگهێشتکراون لەم شاندە بەشداری بکەن.

وە جارێکی تریش بۆ دووبارە کردنەوە، میتۆدی کارکردنی ئەم قۆناغە تەنها دەبێت ئاشتی خوازانە بێت وەکو ئۆکرانیاو قیرگیزیا بۆ نمونە وە بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان توندوتیژی بە کار نایەت وە هەتا وەلامی توندو تیژیش لە لایەن ئیدارەی هەرێمەوە نادرێتەوە ئەگەر توندوتیژیان دژ بە بەشداربوانی جموجۆلەکانی داخوازی گۆڕانکاری لە کوردوستان بە کار هێنا. بەلام لە گەل ئەوەشدا ئازادی مافە بنەڕەتی یەکان هەردەم سێنراون وە پێشکەشنەکراون بە خۆڕایی بۆیە میللەتێک نابێت سل لەوە بکاتەوە بەرزترین قوربانیش پێشکەش بکات لە پێناوی ئازادیو کەرامەتی چونکە ترسو ئازادی هەرگیز بە یەکەوە ناگونجێن.

ئەم داواکاری یانەی تا ئێستا پێشنیارکراون ئەمانەن:

1. ڕاگەیاندنی جارێکی مافە بنەڕەتی یەکان بۆ هەرێمی کوردوستان لە لایەن پەرلەمانی کوردوستانەوە کەوا هەمو ئەم مافانەی تیا دابین بکرێت کەوا ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤ بۆ هەمو کەسێک لە جیهان دابینیان کردوە وە دەبێ داگایەکی سەربەخۆو بێ لایەنو لێ هاتوش بۆ پاراستنی ئەم مافانە دابمەزرێندرێ کەوا هاوولاتیانی کوردوستان بتوانن لە کاتی پێویستا پەنای بۆ بەرن.
2. یەکگرتنەوە هەردو ئیدارە لە سەر بنەمای عەدالەت نەک بنەمای مۆنۆپۆلی حوکمی وراسیو خێزانیو خێلەکی.
3. دادگایی کردنی هەمو سیخوڕو فایلداور تاوانبارانی ئەنفال.
4. خەرجکردنی بودجەی هەرێمی کوردوستان بە شێوەیەکی تەواو ڕون وە ڕاگەیاندنی هەمو خەرجی داهاتی هەرێم لە ڕاپۆرتێکی تایبەتا لە کۆتایی سال.

5. بنبڕکردنی گەندەلی بە هەمو جۆرەکانی یەوە.
6. دیاری کردنی سەرچاوەو چەندی داهاتی هەمو لێپرسراوانی حکومیو حیزبی.
7. ئاشکراکردنی مولکی هەمو لێپرسراوانی ئێستاو پێشوی حیزبی و حکومی و دیاری کردنی سەرچاوەکانیان وە گەڕانەوەی هەمو ئەم مولکانەی کەوا بە ناحەق بە دستیان هێناوە بۆ میللەت.
8. بەرپاکردنی شەفافیەتو ڕونی لە بە ڕێکردنی کارەکانی حکومەت وە بە شداری کردنی کاریگەری هاوولاتیانی کوردوستان لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسیدا.
9. بەرپاکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی وە چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی نیشتەجێ بونو خزمەتگوزاری یە بنەڕەتی یەکان.
10. دابەشکردنی پۆستە گشتی یەکان لە سەر بناغەی لێ هاتوی نەک لە سەر بناغەی حیزبی و خێزانیو خێلەکی.

11. دیاری کردنی چارەنوسی هەمو بێ سەرو شوێنکراوەکانی شەڕی ناوخۆ وە قەرەبوکردنەوەی کەسوکاریان.
12. پێداچونەوەی دۆسی یەی هەمو گیراوەکان لە کوردوستان وە چارەسەرکردنی هەر ناعەدالەتی یەک کەوا لە کاتی گرتنیان یاخود دادگایی کردنیان ڕوی دابێت .
13. دەستنیشانکردنی داواکارێکی گشتی تایبەت بە سکالای هاوولاتیان دژ بە بیروکراسیەتو گەندەلی لە دامو دەزگاکانی حکومەت، کەوا هاوولاتیان بتوانن ڕاستەوخۆ سکالای بۆ بەرزکەنەوە.
14. بەرەو پێشبردنی ژیانی ئافرەتان لە کوردوستان وە نانی هەنگاوی کاریگەر دژ بە دیاردەی خۆسانتدنو خۆ کوشتنی ئافرەتان لە کوردوستان.
15. ڕزگارکردنی دامو دەزگا زانستی یەکانی وەکو زانکۆو سەنتەرەکانی لێ کۆلینەوە لە دیاردەی حیزبایەتیو گەندەلی.
16. کۆمەککردنی خەلقانی بێ کارو خێزانانی بێ دەرامەت.
17. گرنگیدان بە پێشبردنی باری ژیانی کەم ئەندامان لە کوردوستان.
18. دابین کردنی خزمەتگوزاری یە بنەڕەتی یەکان وەکو ئاوو کارەباو چاودێری تەندروستیو دامودەزگاکانی پەروەردە بۆ گوندەکان بە مەبەستی پێشوەچونی باری ژیانی جوتیارانو سنوردانان بۆ دیاردەی کۆچی گوند بۆ شار.

هەروەکو پێشتر لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا ئەم داواکاری یانە پێویستیان بە پێشنیاری تر هەیە وە خەلقانی کوردوستان هەمویان بانگهێشتکراون بۆ پێشکەشکردنی پشنیاری زیاتر.

بۆ مەبەستی ئامادەکردنی ئەم هەلمەتە چاکسازی یەش ئەوا ئێستا خەریکە شاندێک پێکدێت لە کوردەکانی تاراوگە کەوا لەم زووانە بەرەو کوردوستان بەڕێ دەکەوێ وە دەستەی ئامادەکردنی ئەم هەلمەتە لە تاراوگە پێشوازی لە هەمو کوردێک دەکات بۆ بەشداری کردن لەم هەلمەتە جا چی لە ڕێگای بەشداری کردنی ڕاستەو خر بێت یاخود پشتگیری کردن بێت یاخود پێشکەشکردنی پشنیارو ئامۆژگاری بێت.

گرنگیشە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کەوا ئەم هەلمەتە بە تەواوەتی خۆڕسکە وە لە لایەن هیچ لایەنەکی دەرەکی بە هەر جۆرێک بێت کۆمەکی ناکرێت تەنها پەیوەندی لە گەل ڕێکخراوە نێودەولەتی یەکان نەبێت کەوا ئەوانیش دەرگایان کراوەیە بۆ هەمو مرۆڤێک.

لە لایەنی ئاسایشیشەوە ئەوا بە پێ ی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 1546 هێزە فرە ڕەگەزی یەکان بە تایبەتی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو کۆریای خوارو لێ پرسراون بەرامبەر ئاسایش لە کوردوستانو عێراقیش بۆیە دەستەی ڕێکخستنی ئەم هەلمەتە پێشتر لە ڕێگای کەنالە دیبلۆماسی یەکانەوە پەیوەندی دەکات بە نوێنەرانی ئەم سێ وولاتە وە ئاگاداریان دەکاتەوە کەوا ئەوان لێ پرسراو دەبن بەرامبەر بە هەر توندو تیژی یەک کەوا کاربەدەستانی هەردو ئیدارە بەرامبەر بە شداربوانی ئەم هەلمەتە بە کاری بێنن.
بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر، بەشداری کردن لەم هەلمەتە، یاخود پێشکەشکردنی پێشنیار تکایە پەیوەندی بکە بە پەیوەندی گشتی:

**Email: a7825836@unet.univie.ac.at**
**Tel. 0043 650 2 18 2005**